# هەواڵە كرێكاری جەماوەری و سۆسیالستییەكان جیهان

## شۆڕشی هەژاران لە پۆلیڤیاو نیپاڵ و ڕوسیاو فەرەنسە بەردەوامە

### ڕوسیا

 

–ئەمساڵ یادی سەت ساڵەی یەكشەممەی خوێنین بوو , كۆمۆنیستەكانی ڕوسیا یادی قارەمانییەتی بەلشەفیكەكانیان لەو ڕۆژەدا بەرز نرخاند .

–نارەزایەتی دژ بە بڕیاری 122 ی دژ بە هەژاران 43 ناوچەی ڕوسیای گرتەوە , كۆمۆنیستەكانی هێنایەوە پێشەوەی ڕوداوەكان , لەهەموو ناوچەكان ڕۆژانە دەیان خۆپیشاندان بە بەشداری دەیان هەزار ڕێكە خرێت دژ بەو بڕیارە .

–گروپی كۆمۆنیستی كە خاوەنی 55 پەرلەمانتارن لە دۆمای ڕوسیای فیدراڵ ڕۆژی 21–1 داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە و دەست لە كاركێشانەوەی حكومەتی فرادكۆفییان كرد . هەروەها ووتیان بۆ دەركردنی هەر بڕیارێك پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ڕای جەماوەر , خانە نشینشی نابێت لە كرێی كرێكاری ئاسایی كەمتر بێت , كرێی خانووش دەبێت 10٪ داهاتی تاك زیاتر نەبێت . هاوكات 24–1 دووشەممە 77 پەرلەمانتاری ڕوسی كە پێك هاتبوو لە گروپی كۆمۆنیست وچەند بێلایەنێك نامەیەكیان ئیمزا كرد

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆ داواکردنی دەست لە کار کێشانەوەی حکومەت , ئەو نامەیە پێویستی بە 13 دەنگی کەیە بۆ ئەوەی پرۆژەی ڕوخانی حکومەت بخرێتە دەستوری کاری کۆبونەوەی داهاتووەوە.

–هەر سێ لیستی کۆمۆنیست و دیموکراتی لیبرالٚ و ڕۆدینا(نیشتمان) بڕیاری هاو ئاهەنگ کردنی چالاکییەکانییان ادا دژ بەم بڕیارە .

–لە لایەکی دیکەوە ڕاپرسییەکان ئاماژە بۆ دابەزینی ڕێژەی جەماوەری پۆتین دەکەن ,لە ماوەی سالێکدا 13٪ جەماوەری دابەزیوە , تەنها 56٪ ئامادەیی دەنگدانییان هەیە بۆی .

یادی لینیین

–لە مۆسکۆی پایتەخت و ژمارەیەك شارەکانی ڕوسیا هەزاران هاولاتی ڕۆژی 21–1 لە یادی مەرگی لینیندا گولٚیان لەسەر گۆڕەکەی دانا . هەروەها زۆگانۆف لە وتەیەکدا داوای لە لاوان کرد تێکەلٚ بە نارەزایەتییەکان بن دژ بە بڕیاری 122 کە ئیمتیازاتەکانی خانەنشینانی هەلوەشاندۆتەوە , ووتی چونکە ئێوەش لە داهاتوودا پیر دەبن ئەم بڕیارە کۆنەپەرستانەیە دەتان گرێتەوە .

نیپالٚ






PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

–کارمەندانی نەخۆشخانەی بیر لە کەتماندۆی پایتەخت کە گەورەترین نەخۆشخانەی ولاٌتیشە تا 21–1 شەش ڕۆژ بوو مانییان گرتبوو , ئەمەش بووە هۆی دوا خستنی نەشتەرگەری بۆ 100 نەخۆش .

–قەیرانی هەڵبژارن هەر بەردەوامە و ساڵێك بەسەر تەمەنی پەرلەماندا تێپەڕیوە وپەرلەمان شەرعییەتی قانونی نەماوە , بەلاٌم 75 ٪ وولاٌت بەدەست ماوییەکانەوەیە بە بیٚ هەڵکردنی چرای سەوز لە لایەن ئەوانەوە هەڵبژاردن محاڵە , گفت گۆی گەرم لە ناو پارتەکاندا بەرەوامە بۆ ڕزگار بوون لەم قەیرانە یاساییە .

–مانگرتنی ماوییەکان 15 شاری لە جوڵە خستووە , ڕێگاو بان چۆلٚ , دوکان داخراوە , قوتابخانە دەرگایان پێوەدراوە , وولاٌت بەرەو یەکلاکردنەوەی سیاسی دەڕوات .

–ڕۆژهەلاٌتی وولاٌت بەناوەندی هێزی دەوڵت دەناسرا , بەلاٌم بە داواکاری ڕێکخراوی قوتابیانی ماوییەکان لەم ناوچەیە دەرگای سەرجەم قوتابخانەکان داخران . تەنها لە ناوچەی کۆشی 400000 قوتابی پەیوەست بوون بە مانگرتنەوە , ئەوەی شایانی ئاماژە پێدانە ڕێکخراوی قوتابیانی ماوییەکان خاوەندی 700000 ئەندامە .

–ڕۆژی دوو شەممە 24–1 خۆیشاندانی قوتابیان لە کەتماندۆ بەردەوام بوو بۆ 14 ەمین ڕۆژ, سەرجەم زانکۆکانی ولاٌتی گرتەوە. تا ئێستا کرێی هاتو چۆ 20٪ چوەتە سەر .

## هیندستان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

–پارتی كۆمۆنیستی ماوی هیندی 4 مەرجی دانا بۆ درێژە پێدانی ئاگربەست لەگەڵ دەوڵەت لە هەرێمی ئەندێرا برادیش , لەو مەرجانە بڕیاری 1 هێكتار زەوی بۆ هەر جوتیارێك ڕابگرێت كە بڕیار وایە لە ڕۆژی كۆمار 26–1 جێبەجێبكرێت , مامەڵەی باش لەگەڵ زیندانییەكانییان بكرێت و 4 دیلی هاوڕێیان ئازاد بكرێن , بڕیاری دژ بە تیرۆر ئەوان نەگرێتەوە , لە خانەی دژ بە تیرۆر دەركرێن . گەریلا ماوییەكان لە 13هەرێم و 156ناوچە چالاكییان هەیە, ساڵی 2003دا لە 9 هەرێم و 55 ناوچە چالاكی سەربازییان ئەنجام داوە .

## جەزائیر

–خۆپیشاندانی توند و تیژ جەزائیری پایتەخت و ناوچەی خێڵەكانی گرتەوە دژ بە بەرز بوونەوەی نرخی غاز , خۆپیشاندەران ڕێگا سەرەكییەكانییان گرت .

## تسۆنامی و دەردو مەینەتییەكانی



ملیۆنێك هاوڵاتی بەهۆی ئەو كارەساتەوە كارەكانییان لە دەست دا 2, ملیۆن هاوڵاتیشی هەژار كرد .لە ئاتشە بێكاری گەیشتۆتە 30٪ كە پێشتر تەنها 7٪ بوو , لە سریلانكاش بێكاری 200٪ چووە سەر گەیشتە 20٪ .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## یۆنان

جوتیارانی باکوری یۆنانی به تراکتۆرەکانییان ڕێگا سەرەکییەکانیان گرت, داوای قەرزو یارمەتی دەکەن له دەوڵەت , بەهۆی دابەزینی نرخی بەرهەمەوە زیانییان لێکەوتووە .
–زیاتر له 2000 خۆپیشاندەری چەپ دژ به سەردانی جان ماری لۆپینی ڕەگەز پەرستی فەرەنسی له شاری سالۆنیك خۆپیشاندانییان ڕێکخست , 500 له خۆپیشاندەران لەگەڵ پۆلیس بەرەو ڕوو بونەوە .

## نایجیریا

–ئەندامانی یەکێتی کرێکارانی نایجیری (کەرتی نەوت) له ولایەتی دەلتا باشوری ووڵات و دەوڵەمەند به سامانی ژێر زەمینی نەوت ئابلوقەی کۆمپانییای بریدرۆ شادیان دا و دەستیان بەسەریا گرت , وەك نارەزایەتییەك دژ به دەرکردنی کرێکارانی هاورێیان و مانەوەی کرێکارە بیانییەکان , له شاری ئۆمنیۆنیش سەدان کرێکار هێرشییان کردە سەر بەشێکی هەمان کۆمپانیاو گرتییان , ئەوەی شایانی باسە ساندیکا کرێکارییەکان نایجیریا ڕۆڵێکی سیاسی بەرجەستە له ژیانی سیاسی ووڵات دەگێڕن .
ڕۆژی 24–1 دووشەممە مانگرتنی کرێکارانی نەوت له پێناو دەرکردنی 2 بەرپرسی بێگانه له ولآت بەردەوام بوو له شاری هارکرد , مانگرتن دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەرهەم هێنانی نەوت به بڕی 5000000 بەرمیل له ڕۆژێکدا, ئەگەری ئەوە هەیە مانگرتن بگوازرێتەوە بۆ ناوچەکانی کەی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نایجیریاش. مانگرتنی ناوچەی دەلتا تا ئێستا بۆتە هۆی دابەزینی 100000 بەرمیل لە ڕۆژدا .



## پۆلیڤیا

دەیا هەزار لە دانیشتووانی شاری سانتا کروز دژ بە زیاد کردنی نرخی سوتەمەنی خۆپیشاندانی جەماوەرییان ڕێك خست .
هاوکات 200 قوتابی دەستیان دایە مانگرتن لە خواردن . ئەم ناوچەیە کە لە 900 کم باشوری لابازە و دەوڵەمەندە لە یەدەکی نەوت, 500000 هاوڵاتی نامەیەکییان بەرز کردۆتەوە داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن بۆ هەرێمەکەیان . ئەم ناوچەیە 33٪ بەرهەمی نەتەوەیی وڵات بەرهەم دەهێنێت . دەوڵەت 23٪ نرخی دیزڵییان زیاد کرد . لایەنگرانی سەرۆك لە لاباز نوێژییان بۆ پشتگیری لێیکرد , ساڵی 2003 لە شۆڕێکی جەماوەرییدا کە سەرۆك وازی هێنا58 کەس گیانی لە دەست دا و نوێژی قەشەکانیش سەرۆکییان ڕزگار نەکرد .

## سویسرا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سویسرا لاین  له مانگەکانی داهاتوو 1000 کرێکار دەرەکا , سەرباری فرۆشتنی 13 فرۆکە , ئەوەی شایانی ئاماژە پێدانە دوای 11 سەپتەمبەر کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی توشی قەیران بوون.

## ئوردون

21 ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی ئوردونی لە ناویاندا بەرپرسی قوتابیانی ئەم پارتە هەیە دژ بە بڕیاری حیزب لە پشتگیری حکومەتی کاتی عێراق و پارتی کۆمۆنیستی عێراق وازییان لەو پارتە هێنا , ئەوان داوای دژایەتی کردنی ئەمەریکا دەکەن , ئەمەش گەورەترین واز هێنانی بە کۆمەڵە لە مێژووی ئەم پارتە.

## کۆریای باشور

بانکی کۆکمین لە کۆریای باشور بڕیار دەرکردنی 3800 کرێکاری دا لەم ساڵدا ,1800 کرێکاری ئاسایی و 2000 کرێکاری کاتی .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## فەرەنسا






کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەری فەرەنسی دژ بە بڕیاری بە تایبەتی کردن ناڕەزایەتی دەرەبڕن , هاوکات کرێکارانی کەرتی بەرهم هێنانی کارەباو مامۆستایانیش پشتگیرییان دەکەن و پێنج شەممە قوتابخانەکان ڕاوەستان , حکومەت سەرباری فرۆشتنی کەرتی گشتی دەشیەوێت 3000 کرێکاری کەرتی شەمەندەفەر لەسەر کار دەربکات . ساندیکای هێڵی شەمەندەفەری فەرەنسی خاوەند 170000 ئەندامە .

سیٚ یەکی شەمەندەفەرەکان ڕاوەستان . بە گوێرەی کرێکاران ٪20 لە کرێکاران و بە گوێرەی کۆمپانیاکان ٪15 لە کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکە کردووە . لە ڕاپرسییەکدا 65٪ بەشداران دژ بە حکومەتی ڕاسترەون .
خۆپیشاندان لە سیٚ شەممەوە دەستی پیٚکردووە .
بەرهەم هیٚنانی ووزەی کارەبا 10٪ دابەزی . پۆلیس ووتی 210000 بەشداری خۆپشان دانەکەی ڕۆژی پیٚنج شەمەیان کرد لەوە 50000 تەنها لە پاریس . ئەوەی شایانی باسە بیٚکاری 9,9٪ لە فەرەنسە .

فەنزویلا

دەیان هەزار هاولاٚتی فەنزویلی لە لایەنگرانی شافیٚز و چەپەکان 23-1 ڕژانە سەر شەقامەکانی کاراکاس دژ بە ڕفاندنی ڕۆدوجیرۆ جراند بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی فارك گەورەترین هیٚزی نەیاری چەکداریە لە کۆلۆمبیاو ئەمەریکای لاتین . خۆپیشاندەران ئەم کردارە کە کریٚگرتە فەنزویلییەکان ئەنجامییان دا شەرمەزار کرد .
کۆندەلیزا ڕایس پیٚشتر ڕای گەیاندبوو شافیٚز هیٚزیٚکی نیٚگەتیفە لە ئەمەریکا لاتین .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## خۆپیشاندان دژ بە بۆش

لەکاتی خواردنی سوێندی یاسایی لە لایەن بۆشەوە 100 خۆپیشاندەر هەموو بازگەکانییان بڕی لەگەڵ پۆلیسدا بووە شەڕیان لە ئەنجامدا ژمارەیەکیان بریندار بوون .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com